


# ئەدەب و فرەمانایی

نەجات حەمید ئەحمەد



دیاردەی فرە مانایی یان ئەو دەقەی بە ناوی فرە ڕەهەندییەوە ناو دەبرێ جۆرێک لە ناتێگەیشتن و پرسیار دێنێتە ئاراوە کە ناوەڕۆکی هەموو پرسیارەکان لەوەدا یەک دەگرنەوە، دیاردەیەکی ئەدەبیی نوێ باڵی بەسەر دەقی کوردیدا گرتووە، ئەو هەژموونگەراییەی فرە مانایی وای کردووە نووسین و خوێندنەوە بخاتە یەک ئاستی بیرکردنەوەو هەردوو لاش دەخاتە سەر یەک ئاوازی خوێندنەوە، بەمەش چێژی ئەدەبی وەکو هاوژیانی و هاوسۆزیی دەق هیچ بایەخێکی نامێنێ.

فرەمانایی وەکو فێڵێکی ئەدەبیی نابنیاتنەر دەکەوێتەوە، نووسەر ئەو شێوازەی نووسینی وەکو هۆیەک بەکارهێنا بۆ نەزۆکی و لاوازیی بیرکردنەوە کاتێک نووسەر بە ڕاشکاوی پێمان دەڵێ ئەو چیتر توانای بیرکردنەوەی ناچێتە سنوورە گەورەکانی بیرکردنەوەوە.

هەموو نووسینێکی ئەدەبی لەژێر بیرکردنەوەیەکی پێشوەختەی نووسیندا لە دایک دەبێ کە بە خوێندنەوەی یەکەم ناومان بردووە، خوێندنەوەی یەکەم خوێندنەوەیەکە لە نێوان مانا و بیرکردنەوە کە نە مێژوو و نە شوێنی و نە هێمای هەیە، بەڵکو بریتییە لەو وێستگە قورس و دوورەی بیرکردنەوە کە تەنها نووسەر لەگەڵ خۆیدا گفتوگۆ دەکاو هەموو بوونەکانی دیکە دەبنە وێنەی ماناو لە کۆتایی ئەو کێشە دوورودرێژەدا گەوهەری مانا دروست دەبێ کە گەوهەرێکی بێ بنیات و بێ زمانە، فرە مانایی شوێنی لەم گەردوونە داهێنەرەدا نییە ئەگەر بەشێک نەبن لە گەوهەر، ئەگەر بەشێک نەبن لە بوونی کاریگەری بیرکردنەوەی نووسەر، چونکە نووسەری داهێنەر داوای هاوبەشیی ئێمە دەکات لەو بوونەی خۆیدا، نووسینی یەکەم خۆ ئامادەکردنە بۆ بەرجەستەکردنی گەوهەری نووسین و ئێمە لێی بێبەشین، نووسینی دووەم بانگەشەیەکە بۆ هاوبەشی بوون و کارتێکردن، بانگەوازێکە بۆ درکاندن، زۆر دەگمەنیشە نووسەرێک ئەو بانگەوازە نەخاتە دووتوێی گەوهەرێکی ماناوە کە بەلایەوە گرنگەو تا کۆتایی داکۆکیی لێ دەکات.

لە ڕاستیدا فرە مانایی ئەو کاریگەرە ناتەندروستەی ئەدەبە کە وا دەکات دەق لە خوێندنەوەی بنیاتنەر بێبەری بکات، لە تێگەیشتنێکی کاریگەرانە بێ ژیانی کات، نە خوێندنەوە نەدەقیش ناتوانن لەیەک شوێندا پێکەوە بن، لەوکاتەی هەر فرە مانایی خۆی دەرهاوێشتەی گەوهەرێکی شاراوەی نووسینە کە نووسەر بەهەموو هێزە بێ سنوورەکانی هێماکاری و فرتوفێڵە بنیاتنەرەکانی زمان و تێکدانی ماناوە ناتوانێ لە دەستی ڕەخنەو خوێندنەوەی بنیاتنەرانە دەربازی بێت، چونکە هەر بوونێک کە بووە مێژوو، ئیتر دەبێتە ڕووداو، هەموو ڕووداوێکیش هۆکارە پێشینەکانی خۆی هەیە کە لە بێژنگی خوێندنەوە دەربازی نابێت، وابزانم سەنتەریەتی مانا وەکو ڕایەڵێکی نووسینەوەی داهێنەرو پەردە لادان لەسەر فرتوفێڵە نابنیاتنەرەکانی دەق پێداویستییەکی ڕەخنەیی گرنگە کە نووسەرو خوێنەر دەخاتە گفتوگۆیەکی مانا دارەوە لەو سەردەمەی گفتوگۆی مانادار زۆر کەم بووە.